گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:https://doi.org/10.26750/z3vgkf40

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 11/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 21/09/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# تایبەتمەندییە جوگرافییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەردو شوێنەواری شمشارە و نوزی

علی عبدالله محمود[1] عماد عبدالقادر محمد سعيد[2]
ali.abdulla@uor.edu.krd imadabid73@uor.edu.krd
[1+2] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق

**پوختە:** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (تایبەتمەندییە جوگرافییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەردو شوێنەواری شمشارە و نوزی)، توێژینەوەیەکی زانستیە تیشك دەخاتە سەر لایەنی جوگرافی هەردو شوێنەوار، شوێنەواری شمشارە لەڕوی هەڵکەوتەی جوگرافی دەکەوێتە سنوری پارێزگای سلێمانی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەم پارێزگایە دەکەوێتە سەر لێواری زێی بچوك لە ڕۆژهەڵاتی قەزای ڕانیە، بەپێی بەڵگە شوێنەوارییەکان شمشارە لەسەردەمی چاخی بەردینی نوێوە شوێنی نیشتەجێبون بوە، بەتێپەربونی کات گەشەی کردوە و فراوان بوە، لەسەرەتاکانی هەزارەی دوەمی پێش زایین بۆتە شارێکی گەورە و ناوەندی سیاسی و ئیداری ناوچەکە.

شوێنەواری شاری نوزی دەکەوێتە دەشتی حەویجە لە باشوری ڕۆژئاوای شاری کەرکوك، بەڵگە شوێنەوارییەکان دەریانخستوە مێژوی نیشتەجێبونی مرۆڤ لەم شوێنە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کانزایی، دواتر بەهۆی تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی وەکو ناوچەیەکی دەوڵەمەند و ستراتیژی دەرکەوتوە، دانیشتوانی ناوچەکە بەمەبەستی باشترکردنی بژێوی و ئەنجامدانی چالاکی بازرگانی سودیان لە سامان و بەرهەمی ناوچەکەیان وەرگرتوە.

تایبەمەندییە جوگرافییەکانی ئەم دو ناوچەیە وەکو (هەڵکەوتەی جوگرافی، ئاوهەوا، پێکهاتەی خاك، بەرزی و نزمی، سامان و ڕوەکی سروشتی) ڕۆڵیان زۆربوە لە ئاوەدانبونی ناوچەکان و گەشەکردنیان، زۆربەی گەل و هێزەکانی ناوچەکە هەوڵیانداوە سود لە دەسکەوت و داهاتی ئەم دو شارە وەربگرن، ئەمەش بۆتە هۆکاری پەیوەندی بەستنیان، ئەگەر مەبەستەکە بەئاشتی بەدیهاتبێت پەیوەندی دیبلۆماسی و بازرگانی بۆتە هۆکاری بەستنەوە و بەهێزبونی زیاتریان، بەڵام تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی هەردو شار زۆرجار بونەتە هۆکاری چاوتێبڕینی هێزە سیاسییەکان چەند جارێك پەلاماری ناوچەکەیان داوە، دوای داگیرکردنیان زیانی زۆریان بەدانیشتوان و ناوچەکانیان گەیاندوە، ئەمە دەریدەخات کە جوگرافیا لەگەڵ ئەوەی کاریگەری ئەرێنی هەبوە بەهۆیەوە ناوچەکان بونەتە ناوەندی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارستانیەتی دیار و پێشکەوتو، چەند جارێکیش بۆتە هۆکاری داگیرکردن و وێرانبونیان.
**کلیلە وشەکان:** تایبەتمەندییە جوگرافییەکان، شمشارە، نوزی، کاریگەری، گەشەکردن.

**(Geographical Characteristics and their Effects on Shemshara and Nuzi)**

Ali Abdalla Mahmood [1] Emad AbdalqadirM. Saeed[2]

ali.abdulla@uor.edu.krd imadabid73@uor.edu.krd

[1+2] Department of History, College of Human Sciences, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:** This Research titled (Geographical Characteristics and their Effects on Shemshara and Nuzi), A Scientific Research Focuses on the Geographical Aspects of these Regions, Shemshara is Located in the Northeast of Sulaimany Governorate, on the Lower Zap in the East of Rania District. According to Archaeological Evidence Shemshara was a Place of Residence since the Neolithic Period, Step by Step Developed and Expanded, in the Early Second Millennium B.C. became a Large City and Became a Political and Administrative Center of the Region.

Nuzi is Located in the Hawija District in Southwestern Kirkuk, 13 K.M. from the Center of Kirkuk City, Archaeological Evidence shows that History of Inhabitant in this Place Back to Prehistory Period, due to its Geographical Characteristics as a Rich and Strategic Area have Taken Advantage of the Products of this Region.

Geographical Characteristics of these Regions such as (Geographical Location, water and Climate, Soil Composition, Topography, Wealth and Natural Plants, …etc.) have a Major Role in the Inhabitant and Development of the Regions, Trading has Caused them to become more Connected and Stronger, But the Geographical Characteristics of Both Cities Have Often Caused the Political Authority to Attack their Region Several Times Their Occupation and Destruction.

This Shows the Geography Although it had a Positive Effect on Their Rigons have become the Center of the Rise and Development of Civilizations and Several Times has Caused their Occupation and Destruction.

Keywords: Geographical Characteristics, Shemshara, Nuzi, Effects, Development.

## پێشەکی:

خستنەڕوی زانیاری سەبارەت بە تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی وەکو (هەڵکەوتەی شوێن، ئاوهەوا، بەرزی و نزمی، پێکهاتەی خاك، سامانە سروشتیەکان، ڕوەکی خۆڕسك،...هتد) بۆ زانینی ڕادەی گەشەکردنی مێژوی شارستانیەت لە هەر ناوچەیەك شتێکی پێویستە، هەریەك لە شوێنەوارەکانی شمشارە لە ڕۆژهەڵاتی دەشتی ڕانیە و نوزی لە باشوری ڕۆژئاوای دەشتی کەرکوك، وەکو دو ناوەندی شارستانی کەوتونەتە ژێر کاریگەری دیاردە جوگرافییەکان، لەسەرەتای نیشتەجێبونی دانیشتوانیان جوگرافیا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوە لە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنیان بۆ نیشتەجێبون، دواتر هۆکارێك بوە بۆ گەشەکردنیان و فراوانبونیان تا ئەو ئاستەی هەریەکەیان بون بە شاری گەورە و ناوەندی سیاسی و کارگێڕی، بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەکانیان بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی پێویست و ستراتیژیەتی هەردو ناوچەی شمشارە و نوزی دانیشتوانیان توانیویانە پێشبکەون و پەیوەندییان هەبێت لەگەڵ گەلانی دەوروبەریان، چەند جارێکیش بەهۆی لەباری و دەوڵەمەندی ناوچەکانیان لەلایەن هێزەکانی دەوروبەریان دوچاری پەلاماردان و داگیرکردن بونەتەوە، واتە جوگرافیا لەگەڵ ئەوەی سودی زۆری گەیاندوە بەم دو ناوچەیە هۆکاریش بوە بۆ چاوتیبڕین و پەلاماردانیان.

ئامانج و گرنگی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوی زانیارییە سەبارەت بە تایبەتمەندییە جوگرافییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەردو شوێنەواری شمشارە و نوزی، بۆئەوەی بزاندرێت لەگەڵ بیرکردنەوەی مروڤ و هەوڵدانی دانیشتوانی ئەم ناوچانە جوگرافیا توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبێت لە نیشتەجێبونی مرۆڤ و فراوانبونی هەردو نشینگەکە تاکو بون بە شار، بەخستنەڕوی بەڵگە مێژوییەکان و شیکردنەوەیان بتواندرێت کاریگەری باش و خراپی جوگرافیا ڕون بکرێتەوە و بەهۆیەوە هۆکارە جوگرافییە کاریگەرەکان دەستنیشان بکرێن.

میتۆدی توێژینەوە بۆ هەر توێژینەوەکی زانستی پەیوەستە بە چۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە و پێویستبونی، لەم توێژینەوەیەدا پاڵپشت بەو زانیارییە جوگرافی و مێژوییانەی لە سەرچاوە بەکارهاتوەکان وەرگیراون میتۆدی (خستنەڕو) و (شیکاریی) پەیرەوکراوە.

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە (پوختە و کلیلە وشەکان بەزمانی کوردی، پێشەکی، ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دو تەوەر پیکهاتوە، تەوەری یەکەم تایبەتمەندییە جوگرافییەکان و کاریگەریان لەسەر شوێنەواری شمشارە، تەوەری دوەم تایبەتمەندییە جوگرافییەکان و کاریگەرییان لەسەر شوێنەواری نوزی، تێیدا تیشك خراوەتەسەر گرنگترین ئەو تایبەتمەندییە جوگرافیانەی لە هەردو شوێنەواری ناوبراو بەدیکراون و کاریگەریان هەبوە لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی دانیشتوان، یان بەپێچەوانەوە هەندێکجار بەشێوەی نەرێنی کاریگەریەکان دەرکەوتون. دواتر ئەنجامەکان بەچەند خاڵێك نوسراون، لە کۆتاییدا پوختە و کلیلە وشەکان بە زمانی ئینگلیزی ولیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

## تەوەری یەکەم: جوگرافیای شمشارە و کاریگەریەکەی:


**1- ناوی شمشارە:** پێش ئەوەی باسی گرنگی لایەنی جوگرافی و کاریگەری ئەم لایەنە لەسەر سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارستانیەتی ئەم ناوچەیە بکرێت، پێویستە تیشك بخرێتە سەر ناوی شوێنەوارەکە و ئەوە ڕونبکرێتەوە بنەڕەتی ناوەکەی لەچییەوە هاتوە و بەپێی سەردەمە جیاوازەکان ئەو ناوانە چیبون، کە بۆی بەکارهاتوە، کۆنترین ئاماژە بۆ ئەم شوێنەوارە بە (شا-ئاش-ڕو-کی: Sha-Ash-Ru-Ki) مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی پاشای بنەماڵەی سێیەمی ئور (شولگی 2094-2047 پ.ز)، پاشای ناوبراو لە نوسراوێکیدا ئاماژەی بەوەداوە لە نزیکی نیوەی ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا هێرشی کردۆتە سەر چەند ناوچەیەك، یەکێك لەناوچەکان (شاشڕو) بوە (هواس: 2022،

131)، لە هەمان بنەماڵە و بەهەمان شێوە پاشا (ئامار-سین 2046-2038 پ.ز) ئاماژەی بەوە داوە ئەویش هێرشی کردۆتە سەر ئەم ناوچەیە وەك شانازی ئەمەی تۆمارکردوە (هواس: 2022، 87)، تەها باقر باسی لەوە کردوە ناوی شمشارە لە سەرچاوە مێخیەکان بەچەند شێوەیەك تۆمارکراوە وەکو (شو-شار-را: Shu-Shar-Ra)، (شو-شا-را-ا: Shu-Sha-Ra-A)، (شو-شا-را-ئی: Shu-Sha-Ra-E) (باقر: 2018، 238)، لەناو کۆمەڵەی یەکەمی نوسراوەکانی شمشارە بە چەند شێوەیەك ناوەکە نوسراوە بۆنمونە (شو-شارا-نا: Shu-Shara-Na)، (شو-شار-را-نێ: Shu-Shar-Ra-Ne)، (شو-شار-را: Eidem: 1994, 335(Shu-Shar-Ra) ; (Laessoe: 1960, 14)، زۆرجاریش لە نوسراوەکاندا بە (ورو-دینگر-مێس: Uru-Dingir-Mes) ناوبراوە واتای شاری خواوەندەکانی گەیاندوە ( Fincke: 1993, XIII)، ئەم ناوەی ئێستای (شمشارە) نزیکە لە هەمو ئەو شێوازانەی پێشتر لە تۆمارە جیاوازەکاندا بۆ ئەم ناوچەیە بەکارهاتوە، بەتێپەڕبونی کات گۆڕانی بەسەرداهاتوە بەم شێوەی ئێستا ماوەتەوە، مێژوی دەرکەوتنی ئەم شێوازە (شمشارە) ڕون نییە لە سەرچاوەکان باس نەکراوە بۆ یەکەمجار کەی بەمشێوەیە بەکارهاتوە.

**2-شوێنی جوگرافی:** جوگرافیای شمشارە یەکێکە لەو بابەتانەی پەیوەندی هەیە بە مێژوی دەستپێکردنی چالاکییەکانی مرۆڤ لەم ناوچەیە، بۆ ڕونکردنەوەی هەر پرسێکی مێژویی لە هەر ناوچەیەك پێویستە کاریگەری جوگرافی لەبەرچاو بگیرێت، بەبێ باسکردنی پاڵنەرە جوگرافییەکان بەتایبەت دیاردە سروشتییەکان مێژوی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوان و پێشکەوتنەکانیان و توانای خۆپاراستن و مانەوەیان بەتەواوی دەرناکەوێت، زۆربەی ڕوداوەکان پەیوستن بە دیاردە جوگرافییەکان، بۆیە باسکردن و پشتپێبەستنیان بۆ لێکۆڵینەوەی مێژویی دەبێتە شتێکی پێویست (وهیبة: د.س، 18)، بەڵام دیاریکردنی ئەم کاریگەرییە بەشێوەیەکی ورد و دروست بۆ سەردەمی کۆنی ناوچەی شمشارە شتێکی ئاسان نییە بۆئەوەی بتواندرێت بەپێی ئەوکات هەڵسەنگاندنی تەواوی بۆبکرێت و هەمو وردەکاریەکان بخرێنەڕو، چونکە ئەو بەڵگانەی دۆزراونەتەوە زیاتر دەرخەری جوگرافیای سیاسین بۆ ئاماژەدان بە هێزە سیاسیەکانی ناوچەکە و دەوروبەریان، سەرباری ئەمەش تواندراوە بەهۆی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان هەندێك زانیاری دروست لەمبارەیەوە بەدەستبهێندرێت (Eidem and Laessoe: 2001, 21).

گردی شمشارە یەکێکە لە گردەکانی دەشتی ڕانیە[1]، ڕانیە یەکێکە لە شاروچکەکانی (قەزا) باشوری کوردستان، دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی لەڕوی ئیدارییەوە دەکەوێتە ناو سنوری ئەم پارێزگایە، نزیکەی (146کم) دورە لە ناوەندی پارێزگا، ڕانیە دەکەوێتە نێوان چیای کێوەڕەش[2] لە باکور و دەشتی بیتوێن لە باشور و چیای ئاسۆس لە ڕۆژهەڵات و چیای ماکۆك[3] و بەرزاییەکانی کۆڵێن لە ڕۆژئاوا (حمە: 2017، 21).

گردی شمشارە بەهۆی تایبەتمەندی جوگرافی زیاتر شایەنی گرنگیپێدان و هەڵوەستە لەسەرکردنە (ئەحمەد: 2012، 22)، ئەم گردە بەرزیەکەی (25م) و تیرەی بنەڕەتی نزیکی (50م) و تیرەی سەرەوەی نزیکی (20م)ە (ابو الصوف: 1970، 6)، دەکەوێتە باشوری ڕوژهەڵاتی شاروچکەی ڕانیە بەدوری (8کم) و باشوری ڕۆژئاوای (دەربەندی ڕانیە)[4]، بۆ بینینی شوێنی شمشارە بڕوانە نەخشەی ژمارە (1):




نەخشەی ژمارە (1)، بۆ نیشاندانی شوێنی گردی شمشارە
وەرگیراوە لە: Jesper Eidem, The Shemshara Archives 2, P.12.، (لەلایەن توێژەرەوە گۆڕانکاری بۆ نەخشەکە کراوە).

شوێنی شمشارە هەڵکەوتەیەکی زۆرباش و لەباری هەبوە، لەوێوە توانراوە زاڵبن بەسەر ڕێڕەوی دەربەند کە دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەم گردە و ڕاستەوخۆ بەرامبەریەتی، هەروەها توانراوە هەر لەم گردەوە زاڵبن بەسەر ئەو ڕێگایانەی لە باشوریەوە بەرەو دەشتی شارەزور ڕۆیشتون و زاڵبن بەسەر ئەو ڕێگایانەی بەرەو ئەو ناوچە فراوانەی ڕۆژئاوای گردەکە ڕۆیشتون (Larsen: 1984, 36)، شمشارە بەنزیکەیی کەوتۆتە نێوان هەردو ناوچەی گرنگ و ستراتیژی دەربەند و شارۆچکەی ڕانیە (Brown:1958, 122)، ئەم گردە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەشتی ڕانیە، ئەم دەشتە فراوانترین دەشتی ناوچە شاخاوییەکانە، درێژیەکەی لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا نزیکی (30کم) و پانیەکەی لەنێوان (20-30کم) دایە، ڕوبەرەکەی بەگشتی نزیکی (800کم$^2$)یە، دەشتی ڕانیە بەشێکە لەو دەشتە گەورەی لەلایەك بەهۆی چیای ئاسۆس و کێوەڕەش دابەشبوە، بەشی ڕۆژهەڵات پێیدەگوترێت دەشتی پشدەر و بەشی ڕۆژئاواش پێیدەگوترێت دەشتی ڕانیە یان دەشتی بیتوێن (خصباك: 1973، 30-31)؛ (سەعید: 2014، 42).

دەشتی ڕانیە بەشێکە لە ناوچە گرنگ و بەپیتەکانی قوڵایی چیاکانی زاگرۆس[5]، لەچەندین سەردەمی مێژوییدا ناوەندی شارستانیەتێکی گرنگ بوە و ڕۆڵ و کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی (Larsen: 1984, 36)؛ (حەمە: 2024، 77)، ئەم دەشتە سنوری ڕۆژهەڵاتی لە دەربەندی ڕانیەوە دەستپێدەکات، سنوری ڕۆژئاوای تاکو پردی هیزۆپی ئێستا درێژدەبێتەوە (قەرەداغی: 2007، 14)؛ (قادر: 2014، 54)، بەشی باشوری ئەم دەشتە سنوردارە بەئاوی بەنداوی دوکان[6]، هەرچەندە بەرزی دەشتەکە لەئاستی ڕوی دەریا لە نێوان (500-600م)دایە، بەڵام بەشێکی

زۆری كەوتۆتە ژێر ئاوی گلدراوەی بەنداوی ناوبراو، بەشی باكوری ئەم دەشتە سنورداره بە چیای كێوەڕەش[2] (عەبدولكەریم: 2010، 53-54)؛ (قادر: 2014، 54).

سنورەكانی دەشتی ڕانیە جۆرێك تایبەتمەندییان بەخشیوە بەم دەشتە، بۆنمونە زێی بچوك لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بەربەستێك بوە لەبەردەم هێزە پەلاماردەرەكان، هەندێكجار نەیانتوانیوە ئەم سنورە سروشتییە ببڕن و زیانی زۆر بگەیەنن بەدانیشتوانەكەی، (تكولتی ننورتای دوەم 890-884 پ.ز)ی پاشای ئاشوری لە نوسراوێكیدا ئاماژەی بەوە داوە لە نزیكی (885 پ.ز) دوای دەست بەسەرداگرتنی چەندین ناوچە هێرشی كردۆتە سەر ڕانیە و دەوروبەری و ئەوێشی گرتوە، بەڵام بەشێكی دانیشتوانەكەی لەزێی بچوك پەڕیونەتەوە و خۆیان بەدەستەوە نەداوە (Brown: 1958, 122-123)؛ (لیسۆ: 1998، 28)، یەكێكیتر لە پارێزەرەكانی ئەم دەشتە دەرچەی بەرتەسكی دەربەندی ڕانیە بوە وایكردوە دەرچون و پەلامەردانی هێزەكان لەوێوە ئاسان نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەنزیك ئەم دەربەندە لە بەشی كۆتایی چیای كێوەڕەش دیوارێكی بەردینی بەهێز وەك هێڵی بەرگری دروستكراوە، شوێنەواری ئەم دیوارە بەشێوەی پچڕپچڕ لە دەربەندەوە بەئاراستەی ڕۆژئاوا لەبەشی كۆتایی كێوەڕەش شوێنەوارەكەی تاكو ئێستا ماوەتەوە، لەم شوێنەدا هەر ڕێچكەیەك هەبوبێت بۆ پێدارۆیشتنی هێزە نەیارەكان و دروستكردنی مەترسی بە بەردی گەورە بەربەستیان بۆی دروستكردوە، بەهۆی گرنگی دەشتی ڕانیە هەوڵدراوە سنور و دەروازەكانی بەباشی بپارێزرێن لەبەردەم هێرشی هێزە جۆراوجۆرەكان (یوسف: 2024، 25-26).

بەهۆی ئەوەی لای ڕۆژئاوای ئەم دەشتە ناوچەیەكی كراوە بوە و پاراستنی كارێكی ئاسان نەبوە، بۆیە بۆ پارێزگاریكردن لە شمشارە و دەوروبەری دیوارێكی بەردینی بەرگری لەلای ڕۆژئاوای ئەم گردە بە بەردی وشك دروستكراوە (Brown: 1958, 122-123)، دەكرێت بگوترێت بەشێوەیەكی گشتی هەڵكەوتەی ئەم دەشتە لەناوچەیەكی لەم شێوەیەدا كە تارادەیەك داخراو بوە، بەهۆی ئەوەی بە چیای بەرز دەوردراوە و ڕێگای هاتوچۆی زۆری بەسەرەوە نەبوە، ئەمە یەكێك بوە لەتایبەتمەندیە گرنگەكانی بۆ نیشتەجێبون و پارێزراوی لەمەترسی هێرشكردنە سەر (لیسۆ: 1998، 27).

**3- كاریگەرییە جوگرافییەكان:** شمشارە و دەشتی ڕانیە بۆ بەرهەمی دێمی و بەرئاو بەپیت و پڕداهاتە، ساڵانە بارانێكی باشی لێدەبارێت، بەشێكی دەشتەكەش زیاتر سودمەند دەبێت لە ئاوی زێی بچوك (خصباك: 1973، 31)؛ (سەعید: 2004، 43))، دەشتێكی بەپیتی ستراتیژییە و یەكێكە لەدەشتە هەرە بەپیتەكان بۆ بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری، شوێنێكی گونجاوە بۆ بەخێوكردنی (مەڕ، بزن، مانگا) و چەندین جۆر ڕوەكی بەراو و كێویی، بەهۆی ئەوەی بە چیا دەورە دراوە ڕوەكی شاخاویشی زۆرە، ئەمەش زیاتر هاندەر بوە بۆ نیشتەجێبونی مرۆڤ و دەستپێكردن و گەشەكردنی شێوازی كار و چالاكیان (Mathews and Others: 2020, 177)، بەپێی دەشتەكە بەشێكی پەیوەندی بە پێكهاتەی خاكەكەیەوە هەیە، بەهۆی ئەوەی كەوتۆتە ناوچەی شاخاوی گڵەكەی جۆرێكی تایبەتە، گڵی ناوچە شاخاویەكان بەراورد بە ناوچەكانیتر گڵێكی درشت و زبرە، ئەو تێكەڵەیەی بەهۆی ئاوی لافاو لەناوچەكانیترەوە بۆی هاتوە لەڕێگەی جۆگەلە و چەم و ڕوبارەكانەوە دەنكۆڵە گەورەترەكانی لەم ناوچەیە دەمێننەوە و ئەویتری دەڕوات بۆ شوێنی دورتر و ناوچەی دەشتایی (غەفور: 2012، 105-106)، ئەمە هەر لەسەرەتاوە هۆكارێكی كاریگەر بوە بۆ نیشتەجێبونی مرۆڤ و دەستكردن بە چالاكیەكانی، بەتایبەت ئەنجامدانی كاری كشتوكاڵكردن لەم ناوچەیە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی هەبوە بە گونجاوی خاكەكەی لەڕوی هەبونی مادە جۆراوجۆرەكان و هەبونی گڵێكی باش وایكردوە چالاكییەكان

بەرهەمدارین و دەسکەوتی باشیان هەبێت، بەتێپەربونی کات سودی زیاتری لێوەرگیراوە، بۆیە بۆتە هۆکاری زیادکرنی چالاکییەکان و فراوانبونی شوێنی نیشتەجێبون و پێشکەوتنی دانیشتوان (الاغا: 2004، 30-31).

ئاووهەوا یەکێکیترە لە تایبەتمەندییە جوگرافییەکان، کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هەڵبژاردنی ناوچەیەك بۆ نیشتەجێبون و جۆری چالاکیەکانی دانیشتوان، هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ مانەوە و گەشەکردن، دەشتی ڕانیە بەوپێیەی کەوتۆتە ناو سنوری کاریگەری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست، ئاووهەوایەکی گونجاوی هەبوە بەدرێژایی سەردەمە مێژوییەکان، ئاووهەوای ئەم ناوچەیە زستانی سارد و باراناویە و هاوینی گەرم و وشکە، ئەمەش وایکردوە ڕێژەی ئاو و پلەکانی گەرمی بەپێی وەرزەکان گونجاوبێت بۆ ئەنجامدانی چالاکیی هەمەجۆر (ئەحمەد: 2012، 164-165)، بارودۆخی لەباری ناوچەکە وایکردوە لە زۆرکۆنەوە مرۆڤ تێیدا نیشتەجێ بێت و چالاکییەکانی تێدا ئەنجام بدات ( ,Al Asil: 1956 7)، بەپێی بەڵگە شوێنەوارییە دۆزراوەکان دەرکەوتوە مێژوی نیشتەجێبونی مرۆڤ لەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ، لەو چاڵەی شوێنەوارناسەکان لە گردی شمشارە هەڵیانکەندوە، ناسراوە بە چاڵی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا لە چینی (16)دا ڕەنگی خۆڵەمێشی و قوڕی ڕەنگ قاوەیی و پرتەقاڵی لەگەڵ شوێنەواری دانەوێڵە و ئێسکی ئاژەڵ بەدیکراوە، لەم چینەدا هیچ پارچە گڵینەیەك نەدۆزراوەتەوە، ئەمە دەریدەخات کە مێژوی ئەم چینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش گڵینە لە چاخی بەردینی نوێ نزیکی (7450-7080 پ.ز) (هواس: 2022، 109).

بەهۆی ئەوەی زێی بچوك کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر ئاووهەوا و سروشتی ناوچەی شمشارە پێویستە زانیاری سەبارەت بەم زێیە بخرێتەڕو، دەکرێت بگوترێت ئەم زێیە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوە لەسەر شمشارە، چونکە گردەکە کەوتۆتە سەر لێواری ڕوبارەکە (Laessoe: 1959, 15)، زێی بچوك کە لە ئاوەکانی دەشتی لاجانی ڕۆژئاوای شاری مهاباد پێکدێت، بەرەو باشور بەناو چەند چیا و دۆڵدا دەڕوات، چەند ئاوێکی جیاجیا دەڕژێنە ناوی وەکو ئاوەکانی (قەڵادزێ، ژاراوە، چەمی سوڵتانەدێ، چەمی بەستەستێن و شەهیدان و گافرێن، ڕوباری باسلم و تابین و ژمارەیەك شیوی وەکو (بایزاغا، شیوەشان، سورداش)و چەمی (قەمچوغە، شیوەسور، شەواسەر، یابلان، جۆلانان، چەندبیر)، درێژی زێی بچوك بەگشتی نزیکی (400کم)ە بەدرێژترین لقی دیجلە هەژماردەکرێت (غەفور: 2012، 88-89)، ئەم زێیە لە نزیك گوندی ماشان دێتە ناوخاکی کوردستانی باشور، بەگشتی زێی بچوك لە دو لقی سەرەکی پێکدێت یەکەمیان بریتییە لە (چەمی تیت) لە نزیك ناوچەی سنوریی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، دوەمیان (چەمی ماوەت (قەڵاچوالان) لە دو سەرچاوە پێکدێت گۆکەسور و سیوەل، هەردو لق لە نزیك گوندی بەردەسین بەیەکدەگەن (سەعید: 2004، 227).

جوگرافیای ناوچەی شمشارە کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر لایەنەکانی ژیانی دانیشتوان، بۆنمونە لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی زیاتر کەوتونەتە ژێر ئەم کاریگەرییە، زۆرجار دروستبونی کێشە سیاسی، بەهۆی سروشتی ناوچەکە یان داهات و دەسکەوتە جوگرافییەکان بوە، بۆنمونە دەوڵەمەندی و بەپیتی ناوچەکە هۆکارێك بوە بۆ دروستبونی ناکۆکی و ململانێ لەنێوان هێزە باڵادەستەکانی ناوچەکە و هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم ناوچەیە لەئەنجامدا گۆڕانکاری زۆری بەدواداهاتوە (خصباك: 1973، 159-160)، لەلایەکیتریش ئەوەی هاندەر بوە بۆ بەریەکەوتنی ئەرێنی و نەرێنی هێزە سیاسیەکان لەم ناوچەیە هەڵکەوتەی شوێنی گردی شمشارە بوە، چونکە کەوتۆتە ناوچەی بەیەکەوە بەستنەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەتایبەت بۆ پێکەوەبەستنەوەی هەردو وڵاتی مێسۆپۆتامیا و ئێران، ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنەوەی هەردو شارستانیەت بوە (ئەحمەد: 2012، 11-12)، سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئاشوری[7] لەم ناوچەیە بەتایبەت

سەرەتاکانی هەزارەی دوەمی پێش زایین، شمشارە دورترین ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئاشوری بوە لە سنوری ڕۆژهەڵاتی، هێڵی بەریەککەوتن بوە لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بەتایبەت گەلانی زاگرۆس نشین (Eidem: 1992, 2).

## تەوەری دوەم: تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی شاری نوزی و کاریگەریان:

1- **(ناو)ی نوزی:** پێش ئەوەی بچینە سەرباسکردنی لایەنی جوگرافیا و کاریگەرییەکەی پێویستە زانیاری پێویست بخەینەڕو سەبارەت بەوناوانەی بۆ ئەم ناوچەیە بەکارهاتون، بۆئەوەی بزاندرێت بنەڕەتی ناوی نوزی لەچییەوە هاتوە و کەی دەرکەوتوە، بەهۆی نەبونی بەڵگە نازاندرێ کۆنترین ناو کە بۆ ئەم ناوچەیە بەکارهاتوە چی بوە، بەتایبەت بۆ سەردەمی پێش نوسین نەتواندراوە ئەمە دەربخرێت (Starr: 1939, 18)، وەك هەر ناوچەیەکیتر بەپێی سەردەم ناوەکەی گۆڕاوە، کۆنترین ناو کە بۆ ئەم شوێنە بەکارهاتوە بەمشێوەیە بوە، لە نوسراوەکانی نوزی دا بە (گا-سو-لو-کی: Ga-Su-Lu-ki) ئاماژەی پێدراوە، دواتر لە نوسراوی ئەکەدی[8] بە (گا-سور: Ga-Sur) نوسراوە بەبێ ئەوەی واتای بنەڕەتی ناوەکە بزاندرێت، ئەو گۆڕانەی لەم ناوەدا بەدیکراوە پەیوەندی هەبوە بە شێوەی نوسین و زمانی ئەکەدی (Astour: 1991, 2)؛ (کوێخا جەلال: 2008، 35))، لە نوسراوەکانی کپدۆکیا[9]ش بە ((Ga-Su-Ri- (im) ئاماژەی پێدراوە (Gelb: 1973, 8).


باس لەوە کراوە شاری گاسور سەردەمی ئەکەدی وەکو دەوڵەتەشارێکی سەربەخۆ بەڕێوەچوبێت و نەکەوتبێتە ژێر دەسەڵاتی ئەکەدی (ساکز: 1999، 49)، پێدەچێت ئەم سەربەخۆییە لە نزیکی (2210 پ.ز) بوبێت، بەهۆی لاوازبونی دەسەڵاتی پاشایانی ئەکەدی چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتیان لێیان هەڵگەڕاونەتەوە و کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی ناوچەیی، ناوچەی گاسور و دەوروبەری کەوتنە ژێر دەسەڵاتی گۆتییەکان[10]، لەم سەردەمەشدا هەر بەگاسور ناوبراوە، واتا بەکۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەکەدیەکان یەکسەر ناوی گاسور نەگۆڕاوە (ئەحمەد: 2008، 28-29).

بەپێی بەڵگە دۆزراوەکان دەرکەوتوە خورییەکان[11] یەکێك بون لەو گەلانەی لە ناوچەیەدا نیشتەجێ بون، خاوەن شارستانیەتی خۆیان بون و هەوڵی گەشەکردنی زیاتریانداوە، لەسەردەمی ئەواندا ناوی نوزی زیاتر بەکارهاتوە، پێدەچێت ئەم ناوە لەبنەڕەتدا ناوی کەسایەتیەکی خوری بوبێت وەکو (نوزی) یان (نوززە) بەتایبەت ناوی نوزی بەپێی لێکدانەوە زمانەوانییەکان لە زمانی خوریدا ناوی کەسی بە (i: ی) کۆتایی هاتوە، پێدەچێت ناوی ئەم کەسایەتیە و پەیوەندی بە نوژەنکردنەوەی ئەم شارە یان نۆژەنکردنەوەی پەرستگەی عەشتارەوە هەبوبێت، واتە ئەو کەسەی ئەم شارە یان ئەم پەرستگەیەی نۆژەنکردۆتەوە ناوی نوزی بوبێت، لە هەردوباردا دەکرێت ناوی کەسایەتیەکی دەسەڵاتدار یان خانەدان بوبێت (احمد: 1988، 219)؛ (کوێخا جەلال: 2008، 36-37)، لە نوسراوەکانی نوزی ناوی شوێنەکان بە ناوی خاوەنەکانیانەوە ناوبراون، پێدەچێت بۆ نوزیش بەهەمان شێوە بوبێت، واتە نوزی خاوەن یان فەرمانڕەوای ئەم شارە بوبێت و شارەکە بەناوی ئەوەوە ناوبرابێت (Astour: 1981, 12).

وەك ئاماژەی پێدرا سەردەمی گاسور مێژویەکی کۆنتری هەیە و دەرکەوت دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، شوێنەواری شاری گاسور کەوتۆتە ژێر وێرانەی شاری نوزی، پەیوەندی نێوان گاسور و نوزی زیاتر پەیوەندییەکی کرۆنۆلۆژییە نەوەك پەیوەندی فەرهەنگی (صالح: 1978، 89)؛ (کۆزاد: 2008، 49)، باڵادەستبونی خورییەکان وەك چۆن کاریگەری هەبوە لەسەر گۆڕینی ناوەکەی ئاواش کاریگەری هەبوە لەسەر گۆڕینی کلتوری ناوچەکە، کەواتە گۆڕانی ناوی ئەم شارە وەرچەرخانێك بوە بۆ گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کلتوریی (Starr: 1939, XXXVI, 18)؛ (ساکز: 1999،

61)، وەك چۆن پێشتر ناوەکە وەك خۆی نەماوەتەوە بەهەمان شێوە لە ئێستادا ناوچەی شوێنەواری شاری نوزی ناوەکەی گۆڕاوە و پێیدەگوترێت (یورغان تەپە) (صالح: 1987، 89)، بە دیاریکراوی بە دوری (3کم) دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی گوندی (تەرکەڵان)ی ئێستا (عوسمان: 2013، 93).

**2-شوێنی جوگرافی:** هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی هەر ناوچەیەك، بایەخێکی زۆری هەیە لەڕوی جوگرافی و مێژوییەوە، کاریگەری زۆری هەیە بۆ گەشەکردنی لایەنەکانی شارستانیەت، بەهۆیەوە دەتواندرێت پەیوەندی ببەسترێت لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر و سود لە ئاڵوگۆڕی کلتوری و پێداویستییەکان وەربگیرێت (سلیم: 2011، 25)، دەکرێت ئەم تایبەتمەندییە وەکو گرنگترین و لەپێشینەترین لایەنی جوگرافی هەژماربکرێت بەهۆی ئەوەی سروشتییە و بەدرێژایی کات بەجێگیری و وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ تایبەتمەندییە جوگرافییەکانیتر (محمدامین: 2014، 57)، باسکردنی هەڵکەوتەی جوگرافی شاری نوزی[12] گرنگە بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی بارودۆخی ئەم شارە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەوروبەری، شوێنەواری ئەم شارە دێرینە دەکەوێتە ژێر گوندی یورغان تەپەی ئێستا، گردێکی سەرتەختی شێوە چوارگۆشەیە (Starr: 1939, XXIX)، بە دوری (13کم) لە باشوری ڕۆژئاوای شاری کەرکوکی ئێستا (صالح: 1987، 89)؛ (Maidman: 1994, 4)، بۆ بینینی شوێنی نوزی بڕوانە نەخشەی ژمارە (2)




نەخشەی ژمارە (2)، شوێنەواری نوزی نیشان دەدات

وەرگیراوە لە: (Fincke: 1993, 443)، (لەلایەن توێژەر گۆڕانکاری بۆ نەخشەکە کراوە).

ئەو دەشتەی نوزی تێدا هەڵکەوتوە، دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای پێدەشتەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، نزیکی (16کم) دورە لەم زنجیرە چیایە، ئەم ناوچەیە چەندین گەلی جیاوازی تێدا ژیاوە وەکو (سوباری[13]، لولوبی[14]، گۆتی، کاشی، ئاشوری،...هتد)، کەوتۆتە نێوان ئاشور لە بەشی باکوری ڕۆژئاوا و بابل لە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی

(Maidman: 1994, 4)، بەشێکی زۆری پاشایانی ئاشوری لەماوەی چاخی ناوەڕاست (1521-911 پ.ز) و چاخی نوێ (911-612 پ.ز)ی ئاشوری لە نوسراوەکانیاندا ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەم ناوچەیە بەشێك بوە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتیان (میناس: 1981، 329)، ماوەیەکی زۆر زێی بچوك بۆتە سنوری نێوان دەسەڵاتدارێتی بابل و ئاشور، کەواتە نوزی لەم ماوەیەدا کەوتۆتە ناو سنوری بابل و هاوسنور بوە لەگەڵ ئاشور (Astour: 1981, 3)، وابەستەیی نوزی بۆ بابل و ئاشور لەگەڵ گۆڕانی هاوسەنگی هێز و دەسەڵاتیان گۆڕاوە کامیان بەهێزتر بوبێت ئەم ناوچەیەی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ستراتیژیەتی نوزی بەتایبەت بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە ناوچەیەکی گرنگی بازرگانی[15] و ڕێگا بازرگانییەکانی پێدا تێپەربوە لە نێوان (باکور و باشور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) هۆکارێکیتر بوە بۆ ڕاکێشانی دانیشتوانی جۆراو جۆر و چاوتێبڕینی هێزە جیاوازەکان و دامەزراندنی بنکە و بارەگای سەربازی و سیاسی، بەهۆی ئەوەی لەلایەن دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە هێزە داگیرکەرەکان قبوڵکراو نەبون، بۆیە زۆرجار لەدژیان وەستاونەتەوە و هەوڵی زۆریانداوە بۆ کۆتاییپێهێنانی ڕۆڵ و کاریگەریان (قادر: 2003، 29)؛ (شوانی: 2009، 28).

ئەو دەشتەی شوێنەواری نوزی تێدایە ئێستا پێیدەگوترێت دەشتی حەویجە، سنورەکەی بەگشتی دەکەوێتە نێوان زێی بچوك لە باکوری ڕۆژئاوا، لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات تاوەرە بەردەکانی بتیوا، لە باشور و باشوری ڕۆژهەڵات ڕێگای کەرکوك-بێجی، ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوا پرۆژەی ئاودێری حەویجە، ڕوبەری ئەم دەشتە بەگشتی نزیکەی (630کم$^2$) (Awadh and Al Kalabi: 2014, 760)، هەروەها چیای حەمرین (جبل حمرين)[16] دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەم دەشتە و ڕوباری دیجلەش دەکەوێتە ڕۆژئاوای (Starr: 1939, XXIX).


**3- کاریگەریە جوگرافییەکان:** ئاووهەوا یەکێکە لەو تایبەتمەندییە جوگرافیانەی کە ڕۆڵی گرنگی هەبوە لەسەر بارودۆخی دانیشتوانی شاری نوزی و کار و چالاکییان، بەگشتی ئاووهەوا یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی جوگرافیا هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی چالاکییەکانی مرۆڤ کاریگەری هەبوە لەسەر سروشت و شێوازی ژیانی مرۆڤ و جۆری چالاکییەکانی، کەش و هەوای وڵاتی مێسۆپۆتامیا لەهەر ناوچەیەك جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە جۆرێك سودی لێوەردەگیرێت، لە ناوچە شاخاویەکان و پێدەشتەکان بەهۆی گونجاوی ئاووهەوا لایەنی ئابوری گەشەیکردوە و بۆتە هۆکارێك بۆ زۆربونی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، بەدرێژایی مێژو ئەمە یەکێك بوە لە پاڵنەرەکانی کۆچکردنی گەلانی جیاواز بۆ ئەم ناوچەیە (شركة: 2001، 155)؛ (رشيد: 2004، 15)، و بۆ هەر ناوچەیەکیتریش ئەمە دروستە، چونکە دەکرێت بگوترێت هەمو چالاکییەکانی مرۆڤ لە کۆنترین چاخەکانەوە کەوتونەتە ژێرکاریگەری کەش و هەوا، هەمیشە مرۆڤ هەوڵیداوە خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت و زاڵبێ بەسەریدا بۆئەوەی بتوانێت بەپێی کات و بەپێی شوێن سودی لێوەربگرێت، کەش و هەوا کاریگەری هەبوە لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ زیاتر هەوڵدان بۆ خۆپاراستن و گەیشتن بە دەسکەوتی زیاتر (ابراهيم: 2016، 306).

ناوچەی نوزی لەهاویندا کەش و هەوایەکی گەرم و لە زستاندا کەش و هەوایەکی مامناوەندی هەیە، لەڕوی باران بارینیش بەهەمان شێوە تایبەتمەندی هەیە ساڵانە بڕی باران بارینی جیاوازە لە ناوچە شاخاوییەکانی باکور و ناوچە دەشتاییەکانی ناوەڕاست و باشور (اسماعيل: 1995، 24)، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شەپۆلی داباریندەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، هەرچەندە بەراورد بەناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵات بارینی کەمترە، ساڵانە نزیکی (374 ملم) بارانی لێدەبارێت، ئەمەش زیاتر بەهۆی کاریگەری بەرزی و نزمی (تۆبۆگرافی) و تێپەڕبونی نەورابیەکانی کەش و هەوا بەناوچەکەدا (نەقشبەندی: 1999، 75-76).

تۆبۆگرافیا یەكێكە لەو تایبەتمەندییە سروشتیانەی مرۆڤ ڕۆڵی تێیدا نییە، زۆربەی كات كاریگەری زۆر باشی هەیە لەسەر گۆڕانكاریە جوگرافییەكانیتری وەكو (ئاووهەوا، جۆری خاك، ڕوەكی سروشتی،...هتد) لە شوێنێك بۆ شوێنێكیتر ڕادەی زاڵبون و سود لێوەرگرتنی جیاوازە (محمدامین: 2014، 57)، بەهۆی ئەوەی ناوچەی نوزی دەكەوێتە نێوان هەردو ناوچەی شاخاویی و دەشتایی لەڕوی جوگرافییەوە بەناوچەی گوێزەرەوە دادەنرێت، كاریگەرە بە ئاووهەوای ناوچەی چیا سەختەكانی باكور و باكوری ڕۆژهەڵات و ناوچەی دەشتەكان لە ناوەڕاست و باشوری عیراق، ئەم شوێنە دەكەوێتە ناوچەی بان و گردەكان، لەڕوی پێكهاتەی تۆبۆگرافی چەند زاراوەیەكی بۆ بەكارهاتوە وەكو (ناوچەی نیمچە شاخاوی، ناوچەی سەرەتای چیاكان، ناوچەی گرد و دەشتەكان،...هتد)، لەگەڵ هەمو ئەمانە گونجاوترین ناو (ناوچەی بان و گردەكان)ە بەهۆی زۆری بان و گرد لەم ناوچەیەدا (خصباك: 1973، 33-34).

ناوچەی كەركوك بەگشتی و ناوچەی نوزی وەك بەشێك لەم جوگرافیایە چەندین تایبەتمەندی گرنگی تێدابوە، وەك ئەوانەی كە باسكران و ئەوانەش كە پێویستە باس بكرێن بۆنمونە لەگەڵ هەبونی خاكێكی بەپیت و پڕداهات سەرچاوەی ئاوی باشی هەبوە بەتایبەت بەسودوەرگرتن لە زێی بچوك توانراوە لە بواری كشتوكاڵكردن و ئاژەڵداری و چالاكیە ژیارەكانیتر پشت بە ئاوی ئەم ڕوبارە و سەرچاوە ئاوییەكانیتر ببەسترێت، ئەمە هۆكارێكی كاریگەر بوە بۆ نیشتەجێبونی دانیشتوان و دروستبونی ئاوەدانی لە سەردەمی كۆنەوە تاكو سەردەماكانی دواتر، بەتایبەت سەردەمی سومەریەكان[17] و ئەكەدییەكان ناوەندێكی گرنگی ئابوری بوە (ئەژی: 2009، 28-29)، ناوچەی باشوری ڕۆژئاوای كەركوك كە شاری نوزی تێیدا بنیاتنراوە، مەڵبەندی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی و دابینكەری پێداویستییە ئابورییەكان بوە بۆ زۆربەی ناوچەكانیتری مێسۆپۆتامیا (Awadh and Al Kalabi: 2014, 760).

لە نوسراوە مێخییەكانی نوزی و شوێنەواری ئەم شارە دەركەوتوە كە ئەم شارە لە سەدەی 15 و 14ی پێش زایین لەڕوی سیاسی وئابوری ڕۆڵێكی گرنگی هەبوە لەسەر ئاستی ناوچەكە[18] بەتایبەت بۆ شانشینی میتانی[19]، لە دوای شاری واشوكانی پایتەختیان وەك ناوەندێكی گرنگی ئابوری گرنگترین پێگەی هەبوە (احمد: 2011, 161)، لەڕوی ئیدارییەوە نوزی سەربەشانشینی ئاراپخا بوە، كەوتۆتە دورترین بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم شانشینە(Lonhert: 2018, 219)، بۆ بینینی شوێنی نوزی لەچوارچێوەی شانشینی میتانی بڕوانە نەخشەی ژمارە (3):




نەخشەی ژمارە (3)، شاری نوزی لەناو سنوری شانشینی میتانی
وەرگیراوە لە: (زاموا: 2020، 239)، (لەلایەن توێژەر گۆڕانکاری لە نەخشەکەدا کراوە).

بەهۆی ئەوەی نوزی بەشێك بوە لە شانشینی ئاراپخا، پێویستە هەڵوەستەیەك بکەین بۆ دەرخستنی زانیاری پێویست سەبارەت بەم شانشینە، کۆنترین ئاماژە بۆ ناوی ئاراپخا مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشای ئەکەدی (سەرجۆن 2370-2316پ.ز) لە ڕۆژمێری جوگرافیدا ئاماژەی پێداوە، هەروەها لە نوسراوەکانی یەکێکیتر لە پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە (نارام-سین 2291-2225پ.ز) وەك بەشێك لە وڵاتی سوبارتو ئاماژەی پێدراوە و ئەوە باسکراوە کە دانیشتوانەکەی لەڕوی نەژادییەوە جیاوازن لە ئەکەدیەکان (میناس: 1981، 325-326)؛ (احمد: 2002، 62)، شوێنەواری ئەم شارە دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوکی ئێستا، بەدیاریکراوی ناوەندی ئاراپخا کەوتۆتە ژێر قەڵای کەرکوك لەسەر گردێکی شێوە بازنەیی بە بەرزی نزیکی (120م) دروستکراوە (عەلی: 2025، 33)، دواتر ناوی کەرکوك بۆ ئەم ناوچەیە بەکارهاتوە، یەکەم بەکارهێنان و دەرکەوتنی ناوی کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەی زایینی، شریف الدین علي یزیدي ناسراو بە نظام الدین الشامي لە کتێبەکەیدا بەناوی (ظفرنامە) کە بەزمانی فارسی نوسیویەتی، باسی ئەوەی کردوە کە سەکردەی سوپای مەغول (تەیمور بارلاس) لەکاتی هێرشەکانیدا گەیشتۆتە قەڵای کەرکوك (شامی: 1363، 145)؛ (Qader: 2013, 33).

ئەم ناوچەیە سەرچاوەی داهاتی جۆراوجۆر بوە بۆ بەرهەمی (کشتوکاڵی، ئاژەڵیی، کانزایی[20])، ئەمانە لەلایەن فەرمانڕەواییانی ئەم شارە سەرپەرشتیکراون، بۆ بژێویی ناوخۆیی و ئاڵوگۆڕی دەرەکی سودیان لێوەرگیراوە، بۆ هەمو ئەوانەی وەکو (خاوەن کار، کرێکار، جوتیار، شوان، پیشەگەر، کۆیلە،...هتد) کاریان کردوە بۆتە هۆکاری دەسکەوتنی داهات و بژێوی (السوفیت: 1986، 363)؛ (ئەژی: 2009، 37-38).

گرنگی و دەوڵەمەندیی ناوچەی نوزی هۆکارێکی کاریگەر بوە بۆ بەستنی پەیوەندی دیبلوماسی میتانییەکان لەگەڵ گەلانی دەوروبەر، کاریگەری هەبوە بۆ باڵادەستبونیان لەسەر ئاستی هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، هەروەها بۆتە هۆی باڵابون و پاراستنی شکۆی دەسەڵاتدارێتیان (احمد: 2002، 61)، سەردەمی باڵادەستی میتانییەکان لە نوزی کۆشك سەرپەرشتی ئاو و زەوی و کار و چالاکییە ئابورییەکان و داهاتی گشتی کردوە، خاوەن زەوی و داهاتی زۆر بوە ( :Wilhelm 1982, 61)؛ (میناس: 1981، 327)، واتە یەکێك لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندبونی نوزی ڕۆڵی کۆشکی فەرمانڕەوایی ئەم شارە بوە کە توانیویەتی بەشێوەکی باش سەرپەرشتی بەرهەمهێنان و زیادکردنی داهات بکات.

**ئەنجام:**

دوای تەواوبونی ئەم توێژینەوەیە چەند ئەنجامێك بەدەستهات، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1- بەپێی خاکی شمشارە و هەڵکەوتەی شوێنەکەی یەکێك بون لەو تایبەتمەندیانەی کاریگەری زۆریان هەبوە لەسەر هەڵبژاردنی ئەم ناوچەیە بۆ نیشتەجێبون و گەشەکردنی دانیشتوان، جۆری خاکەکەی زۆر گونجاو بوە بۆ گەشەکردنی ڕوەکی خۆرسك و چاندنی دانەوێڵە و سەوزە و میوە، هەروەها هەبونی سەرچاوەی ئاوی پێویست بەتایبەت زێی بچوك ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوە لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی ئەم شارە مێژوییە، هەمو ئەمانە لە کەش و هەوایەکی گونجاودا وایانکردوە ناوچەکە دەوڵەمەندبێت و ببێتە سەرچاوەی داهات بۆ ناوچەکانیتریش، لەڕوی هەڵکەوتەی جوگرافی بەهەمان شێوە شوێنێکی زۆرگرنگ و ستراتیژی هەبوە.

2- شوێنەواری نوزی بەهەمانشێوە کەوتۆتە ژێرکاریگەری لایەنی جوگرافی، هەڵکەوتەی شوێنەکەی لە دەشتی بەپیت و فراوانی کەرکوك، لە نێوان ناوچەی شاخاوی و دەشتایی یەکێك بوە لە تایبەتمەندی گرنگەکان، بەهۆیەوە ڕێگاکان بەم ناوچەیەدا تێپەڕیون و ناوچەیەکی پڕجموجۆڵ بوە، زۆربەی کات کاروانە بازرگانییەکان و کاروانە سەربازییەکان پێویستیان بەوە بوە بەمناوچەیەدا بڕۆن، دانیشتوان و فەرمانڕەوایانی نوزی سودیان لەم لایەنە وەرگرتوە بەتایبەت لەکاتی باڵادەستیان بۆتە هۆی دەسکەوتنی دەسکەوتی زیاتر و زاڵبونیان بەسەر نەیارەکانیاندا، لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی خاکەکەی و هەبونی ئاووهەوای گونجاو بۆ زۆربونی بەرهەمی سروشتی و چێندراو، هۆکارێکی تر بوە بۆ گەشەکردنی ناوچەکە و باڵادەستبونی وەکو ناوەندێکی سیاسی و کارگێڕی دیار و سەرکەوتو.

3- بەگشتی هەردو شوێنەواری شمشارە و نوزی لەژێر کاریگەری دیاردە جوگرافییەکان، هەڵبژێردراون بۆ نیشتەجێبون و بونەتە ناوەندی شارستانیەت، بەپێی بەڵگە مێژوییەکان لەسەرەتاوە بۆ سەردەمەکانی دواتر، بۆ ماوەی چەندین سەدە بەئاوەدانی ماونەتەوە و بونەتە خاوەن شارستانیەتێکی دیار، لەسەرئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی کاریگەریان هەبوە، لەگەڵ هەبونی ڕۆڵی مرۆڤ کاریگەرییە جوگرافییەکان بەڕونی بەدیکراون بەتایبەت لەڕوی (هەڵکەوتەی شوێن، کەش و هەوا، ئاو و خاك، تۆبۆگرافیا،...هتد) هەریەك لەمانە بەپێی پێویست سودیان لێوەرگیراوە و زیاتر بونەتە هۆکاری مانەوە و گەشەکردنی شارستانیەتی ئەم دو ناوچەیە لە سەردەمی ئاوەدانیان، هەندێکجاریش دەوڵەمەندی و ستراتیژیەتی ناوچەکان بونەتە هۆکاری چاوتێبڕین لەلایەن گەلانیتری ناوچەکە، بۆیە هەوڵی داگیرکردن و بردنی دەسکەوتەکانیان دراوە.

**سەرچاوەکان:**


حمە، هانا علی: 2017، ڕانیە 1958-1991 توێژینەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی (سیاسی، کارگێڕی، کومەڵایەتی ڕۆشنبیری، ئابوری)، ناوەندی سارا، سلێمانی.

حەمە، هانا علی: 2024، سەرنجێکی گشتی لەسەر مێژوی ڕانیە، گۆڤاری میتانیا، ژ: 1، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین، چاپخانەی مستەفا، سلێمانی.

زاموا، دلشاد عزیز مارف: 2020، الکاشیون فی کرکوك و گرمیان (من قرن 18 الی القرن 1 ق.م) دراسه تاریخیة خضاریة, مجلة جامعة کرکوك للدراسات الانسانیة، ع 2، مج 15، کرکوك.

سەعید، کامەران تاهیر: 2014، جوگرافیای عیراق سروشتی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

شوانی، بەختیار سەعید مەحمود: 2009، کەرکوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی ڕامیاری و ئابوری، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

عوسمان، عبداللە بکر: 2013، هەڵکۆڵینی نوزی 1925- 1931، گۆڤاری سوبارتو، ژ. 6-7، ساڵی شەشەم و حەوتەم، سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستان، هەولێر.

عەبدولکەریم، لەنجە سەلاح: 2010، شیکردنەوەی جوگرافیایی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی 1997-2005، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

عەلی، عوسمان: 2025، کەرکوك لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی دا، و: عەزیزخان مهاجیر، چاپخانەی سەڵاحەدین، هەولێر.

غەفور، عەبدوڵلا: 2012، جوگرافیای باشوری کوردستان، چ2، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

غەفور، عەبدوڵلا: 2012، جوگرافیای کوردستان، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ڤێڵهێلم، گیرنۆت: 2009، شارستانیەتی خورییەکان، و. ئارام جەلال هەمەوەندی، چ1، چاپخانەی خانی، دهۆك.

قادر، محمد علی: 2014، نواندنی کارتۆگرافی تایبەتمەندیە سروشتیەکانی قەزای ڕانیە بە بەکارهێنانی (RS) و (GIS)، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

قەرەداغی، رافیدە عبداللە: 2007، بیتوێن خاکی دێرین و شوێنەواری بە بەها، گۆڤاری ڕانیە، ژ 21، بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی، ڕانیە.

کوێخا جەلال، کامەران: 1926، مێژوی کۆنی کەرکوك لەڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا، چاپخانەی خانی، هەولێر.

کۆزاد، محەمەد ئەحمەد: 2008، کوردستانی ناوەڕاست لەنیوەی یەکەمی هەزارەی دوەمی پ. ز دا، چ2، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

لیسو، یورگن: 1998، خشتەکانی شمشارە ڕاپۆرتێکی سەرەتایی، و: عەزیز گەردی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانەدەر، هەولێر.

محمدامین، هاوڕێ یاسین: 2014، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، سلێمانی.

محمود، علی عبداللە: 2016، دەستاودەستکردنی دەسەلات لە لای ئاشورییەکان 1244-612 پ.ز، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.

محمود، علی عبداللە: 2020، پەیوەندی سوبارییەکان لەگەڵ گەلانی دەوروبەریان، یەکێکە لە بابەتەکانی بڵاوکراوەی کۆنفرانسی (کورد و هەرێما جزیرا فوراتێ مێژو، شارستانی، زمان، ئەدەب)، سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی، زانکویا زاخو.

هواس، هاوار نجم الدین: 2022، چاخەکانی پێش مێژو لە هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی کنە و پشکنینە شوێنەوارییە نوێیەکاندا، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.

ئاغجەلەری، پشکۆ حەمەتاهیر: 2007، شاری کەرکوك 1917-1926، بەشێك لە ماستەرنامەی پێشکەش کراوە بە بەشی مێژوی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

یوسف، عبدالرقیب: 2024، دەربەندی ڕانیە لەبواری توبوغرافی ومێژوویی و شێواندنی دەربەند، چاپخانەی کارۆ،

ئەحمەد، پشتیوان شەفیق: 2012، شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ دابەشبونی دانیشتوان لە شارۆچکەی ڕانیە (1957-2006)، لە بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژ. 176، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ئەحمەد، جەمال ڕەشید: 2008، کەرکوك لە چەرخە کۆنەکاندا، و: حەسەن جاف، چاپخانەی خانی، دهۆك.

ئەژی، سمکۆ بەهرۆز محەمەد: 2009، گۆڕانە ئابوریەکانی کەرکوك لە ڕوانگەی سەردەمە مێژویەکانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
ابراهيم، نعمان جمعه: 2016، معطيات البيئة وانعكاسها في تطور فن العمارة في كردستان، مجلة اكاديميا الكوردي, ع 35, اربيل.
ابو الصوف، بهنام: 1970، مواطن الاثار فی حوض دوكان و التنقيب في تل باسموسيان الموسم الاول 1956, سومر، مج 26, ج 1-2, بغداد.
احمد واخرون، محمود عبدالحميد: 2011، اثار الوطن العربي القديم، منشوراة جامعة دمشق، دمشق.
احمد، جمال رشيد: 1988، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژوی وڵاتی کوردەواری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.
احمد، جمال رشيد: 2002، كركوك فى العصور القديمه، كركوك بحوث الؤتمر العلمى حول كركوك، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل.
احمد، جمال رشيد: 2003، ظهور الكورد فى التاريخ، ط1، مطبعه وزاره التربيه، ج1، اربيل.
الاحمد، سامی سعيد: 1977، المستعمرات الاشورية فى اسيا الصغرى، مجلة سومر، بغداد.
اسماعيل، سليمان عبدالله: 1995، التحليل الجغرافى لخصائص الامطار في اقليم كردستان العراق, رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.
الاغا، وسناء حسون يونس: 2024، الطين في حضارة بلاد الرافدين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الموسل, الموصل.
براستد، جايمس هنرى: 1926، العصور القديمه، ت: داود قربانى، بيروت.
الجنابي، كاظم، منحوتة دربندي رامكان، سومر، مج 18, ج 1-2, بغداد.
خصباك، شاكر: 1973، العراق الشمالي دراسة النواحي الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، بغداد.
رشيد، عبدالوهاب حميد: 2004، حضارة وادي الرافدين ميزوبوتاميا, دار المدى للثقافة والنشر, دمشق.
رضا، حلمي رسول: 2009، المملكة الميتانية 1550-1265ق.م دراسة سياسية، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى مجلس كلية العلوم الاجتماعية، جامعة كوية.
ساكز، هاري: 1999، قوة آشور، ت: عامر سليمان، مطبعة مجمع العلمي، بغداد.
سلمان واخرون، علياء حسين:2014، الاثار البيئة للسدود المائية في العراق، مجلة البحوث الجغرافية المائية في العراق، ع 2، جامعة كوفة، كوفة.
سليم، احمد امين: 2011، حضارة العراق القديم، دار المعريفة الجامعية للطبع والنشر، الاسكندرية.
سليم، غيث: 2011، أكد و اور الثالثة، تموز للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.
السوفيت، جماعة من علماء الاثار: 1986، العراق القديم دراسة تحليلية لاحوال الاقتصادية والاجتماعية، ت: سليم ظطه تكريتي، دار الشؤن للثقافة العامة، بغداد.
شامي، نظام الدين: 1363، ظفرنامه، جلد أول، سازمان نشر كتاب, تهران.
شركة، وليد: 2001، كركوك دراسة جيو-تاريخية اصالة تنوع الانثي و ستراتيجية الموقع الجغرافي في كردستان العراق, بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك، ط2، دار ئاراس للطباعة والنشر, اربيل.
علي، فاضل عبدالواحد: 1983، السومريون والاكديون، العراق في التاريخ، دار الحرية للطباعة، بغداد.
علي، فاضل عبدالواحد: 1987، المستشرقون والمشكله السومريه نصف قرن فى ملاحقه الوهم، مجله الاستشراق، ع1، بغداد.
قادر، جبار: 2003، التركيب الاثني لسكان كركوك خلال الفترة 1850-1958, مجلة كركوك, ع 3, السنة الرابعة، الجمعية الفكرية والاجتماعية لمحافظة كركوك, سليمانية.
قرم، جورج: 2010، تاريخ الشرق الاوسط من الازمنه القديمه الى اليوم، ت. انطوان باسيل، ط1، شركه المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت.
لاسيو، يورغن: 1998، كردستان الجنوبية تعليق عن اثرها وتاريخها القديم، ت: رافدة عبدالله عبدالصمد، مجلة هزارمرد، ع 6، السنة الثانية، مديرية العامة للاثار، مطبعة تيشك، السليمانية.

محمدسعيد، عماد عبدالقادر: 2021، الصراع فى المجتمع الكردستانى القديم منذ العصور احجريه حتى عام 550 ق.م، مطبعة كازى، دهوك.

ميناس، رفائيل: 1981، اربخا و نوزى فى التاريخ، مجله بين النهرين، ع 36، مؤسسة مديرية الاثار، الموصل.

الهيتي، صبري فارس وحسن، صالح فليج: 1986، جغرافيا المدن، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل.

وهيبة، عبدالفتاح محمد: د.س، الجغرافيا التاريخية دراسة اصولية واقليمية، منشأة المعارف، الاسكندرية.

يحيى، نور فيصل: 2023، نصوص مسمارية غير منشورة من عهد الملك شولكى فى المتحف العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاثار-جامعه الموصل، موصل.

Al Asil, Naji: 1956, Recent Archaeological Activity in Iraq, Sumer, Vol. XII, No. 1-2, Bagdad.

Al Asil,Naji: 1956, Recent Archaeological Activity in Iraq, Sumer, Vol. XII, No. 1-2, Bagdad.

Astour, Michaael C: 1987 , Semites and Hurrians in Northern Transtigirs, SCCNH, Vol. 2, Eisenbrouns.

Astour, Michael C: 1981, Toponymical Parallels Between Nuzi and Northern Syria, SCCNH, Vol. 1, Eisenbrauns.

Awadh, Salih Muhammad and Al Kalabi, Joudah Ayfan Hamza: 2014, Assessment of Groundwater in Al Hawija (Kirkuk Governorate) for Irrigation Purposes, Iraqi Journal of Science, Bagdad.

C. Edmonds, J. : 1957, Kurds, Turks and Arabs Political Travel and Research in North Eastern Iraq, Oxford University Press, London.

Eidem, Jesper and Laessoe, Jorgen: 1994 (June 26th 1924-February 2nd 1993), AFO, Bd. 40-41, Cobnhagen.

Eidem, Jesper and Laessoee, Jorgen: 200, The Shemshara Archives, The Letters, Det Kongellige Danske Videnskabrenes Selskab, Vol. 1, Denmark

Eidem, Jesper: 1992 The Shemshara Archive 2, Admistrative Texts, The Carstin Nipur Institute, Cobenhagen.

Fincke, Jeanette: 1993, Repertoire Geographique des Texts Cuneiformes, Nuzi Text, Band 10, Wiesbaden.

Fincke, Jeanette: 1993, RGTC, Band 10, Wiesbaden-Germany.

Hatzfeld ,Denis and Others: 2003, Seismological Constraints on the Crustal Stricture Beneath the Zagros Mountain Belt (Iran), Royal Astronomical Society (RAS), Provided by NASA Astrophysics Data Systems, Bagdad.

Laessoe, Jorgen: 1960 The Second Shemshara Archives, Sumer, Vol. XVI, No. 1-2, Bagdad.

Laessoee, Joergen: 1992, The Bazmusian Tablets, Sumer, Vol. XV, No. 1-2, Bagdad.

Larsen, T: 1984, The Shemshara Archives, Sumer, Vol. XLII, No. 1-2, Bagdad.

Lonhert, Anne: 2018, Feasts and Festivals According to the Texts from the Palace Bulldings in Nuzi, KASKAL, Vol. 5, Firenze.

Maidman, Maynard Paul: 1994, Nuzi Texts and their uses a Historical Evidence, Society of Biblical Literature, No. 18, Atlanta.

Matthews, Wendy and others: 2020, Excavations and Contectual Analyses Shemshara, The Early neelithic of the Eastern Fertile Cresent Excavation at Bestansur and Shemshara Iraq Kurdistan, Senttral Zagros Archaelogical Project, Vol. 2, Sec. 10, Oxford and Philadelphia.

Peyronel, Luca: 1986,Tablets, Sealings and Weights at Ebla: Administrative and Economic Procedures at the beginning of the Archaic State in Syria, Archio Nil, Numero 26, Paris.

Qader, Asoss M: 2013, Arrapḫa (Kirkuk) von den Anfängen bis 1340 v. Chr. nach keilschriftlichen Quellen, Dr. phil. im Fach Altorienalistik, Bayerischen Julius-Maximilians-Universität, Würzburg.

Servadio, Gaia: 2016, Ancient Syrian Writings Syrian preclassical and classical texts, General Secretariat of Damascus Arab Capital of Culture, Damascus.

Starr, Richard F. S. : 1939, , Nuzi Report on the Excavations at Yorgan Taba near Kirkuk Iraq Conducted by Harvard in Conjunction with the American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931, Vol. 1, Cambridge.

T. Brown, Weildon: 1958 , A Report on Discovery on A Ridge to the East of the Rania Plain, Sulaimanyah Liwa, Sumer, Vol. XIV, No. 1-2, Bagdad.

## پەراوێزەکان:

1 سەبارەت بە ناوی ڕانیە و بنەڕەتی ئەم ناوە لەسەرچاوە مێخیەکاندا بەشێوەی (خرانیا) هاتوە، لە سەرچاوە هاوچەرخەکان بۆچونی جیاواز هەیە، یەکێك لە بۆچونەکان دەڵێت ئەم ناوە لەبنەڕەتدا لە دەستەواژەی (ڕێ نیە)ەوە هاتوە، بەهۆی ئەوەی ئەم شوێنە خاکەکەی ئاودار و شێدار بوە قامیشی زۆری لێبوە، ئەوانەی هاتونەتە ناوچەکە بینیویانە بەهۆی قامیشەڵان ڕێ (ڕێگا) نیە بۆ ڕۆیشتن ناوچەکە بەم شێوەیە ناوبراوە (ڕێ نیە)، دواتر ئەم ناوە گۆڕاوە بۆ ڕانیە، بەپێی تایبەتمەندی جوگرافی ناوچەکە ئەمە گونجاوترین بۆچونە بۆ بنەڕەتی ناوی ڕانیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (لاسیو: 1998، 201-202)؛ (محمدسعید: 2021، 29)؛ (ئەحمەد: 2012، 10).

2 چیای کێوەڕەش لە ئاستی ڕوی دەریا (2034م) بەرزە و درێژیەکەی دەگاتە نزیکی (26کم)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (قادر: 2014، 51).

3 چیای ماکۆك چیایەکی درێژمەودایە لەڕۆژئاوای ڕانیە هەردو ناحیەی سەرکەپکان و بێتواتە لەیەکتری جیادەکاتەوە، بەرزیەکەی دەگاتە (1857م)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (قادر: 2012، 51-52).

4 ئەم دەربەندە لە ئێستادا زیاتر ئەم ناوەی بۆ بەکاردێت، بەڵام لەسەرچاوەکان چەند ناوێکیتری بۆ بەکارهاتوە، بۆنمونە: (دەربەند)، (دەربەندی ڕەمکان یان ڕامکان)، (دەربەندی سەنگەسەر)، (گەلی سەنگەسەر)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الجنابي: 1962، 203)؛ (Edmonds: 1957, 215).

5 زاگرۆس پێکدێت لە زنجیرەیەك چیای بەرز، ئەم زنجیرەیە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی تورکیای ئێستاوە درێژدەبێتەوە تاکو گەروی هورمز لە باشوری وڵاتی ئێرانی ئێستا، درێژیەکەی دەگاتە نزیکی (1200کم) و پانیەکەی لە نێوان (200-300کم) دایە، بۆ زانیاری زیاتر: (Harzfeld: 2003, 404).

6 ئەم بەنداوە لە ساڵی 1959ز تەواوبوە، لەسەر زێی بچوك لە ناوچەی دوکان، بە دوری (60کم) لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی دروستکراوە، بەنداوێکی گەورەیە، ڕوبەری نزیکی (11700کم$^2$) دەتوانێت سودمەندبێت لە ئاوی ئەم بەنداوە، توانای پێدانی (223 م$^3$) ئاوی هەیە لە چرکەیەکدا، بۆ زانیاری زیاتر وڕوانە: (سلمان واخرون: 2014، 333-334).

7 ئاشورییەکان لە گەلانی سامین لە دورگەی عەرەبیەوە کۆچیان کروە، لە ناوچەی باکوری فورات و دۆڵی خابور نیشتەجێ بون، بنەڕەتی ناوەکەیان دەگەڕێتەوەوە بۆ ناوی خواوەندی نەتەوییان یان ناوی شاری ئاشور، ئەمانە لە سەرەتاکانی هەزارەی دوەمی پێش زایین تاکو (612 پ.ز) خاوەن دەسەڵاتی سیاسی بون، لە ماوەی ئەم چەند سەدەیە لە ژیانی خێڵایەتییەوە تاکو دامەزراندنی دەوڵەت و دروستکردنی ئیمپراۆریی توانیویانە ڕۆڵ وکاریگەریان هەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا (محمود: 2016، 40-41).

8 سەرجۆنی ئەکەدی لە نزیکی 2370 پ.ز، توانی بەکودەتایەك کۆتایی بەسەردەمی بنەماڵە سومەریەکان بێنێت و دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز دابمەزرێنێت، شاری ئەکەد پایتەختی دەسەڵاتداریەتیەکەی بوە بۆیە بە دەوڵەتی ئەکەدی ناسرا، ئەم دەسەڵاتداریەتیە بەهێز و فراوان بو تا

گەیشتە ئاستی ئیمپراتۆریی، دوای خۆی چەند پاشایەك دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، لە نزیکی 2230 پ.ز بەهۆی کێشە ناوخۆیی و دەرەکیەکان کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەکەدیەکان هاتوە (سلیم: 2012، 61-62)؛ (علي: 1983، 76).

9 کپدۆکیاCappadocia ناوەندی بازرگانی ئاشورییەکان بوە لەسەدەی نۆزدە و هەژدەی پێش زایین لەئاسیای بچوك، ئاشورییەکان لەم ناوچەیە کاری سەرەکیان ڕێکخستنی چالاکیە بازرگانیەکانی نێوان ئاشور و ئاسیای بچوك بوە، بۆزانیاری بڕوانە: (براستد: 1926، 882)؛ (الاحمد: 1977، 70-73).

10 گۆتیەکان لە بەرزایەکانی زاگرۆسەوە هاتبون و لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی مێسۆپۆتامیا نیشتەجێبون و گەشەیانکردوە، توانیویانە بەشێکی فراوان لەمێسۆپۆتامیا بخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیان (میناس: 1981، 328).

11 خوریەکان یەکێك بون لەو گەلانەی نشتیمانی بنەڕەتیان ناوچە کوێستانەکانی زاگرۆس بوە، لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەستیان بە کۆچکردن کردوە بەرەو باکوری سوریا و مێسۆپۆتامیا، زمانی تایبەتی خۆیان نزیك بوە لەگەڵ زمانی گەلانی تری زاگرۆس (ڤێلهێلم: 2009).

12 شوێنی جوگرافی بۆ دروستبونی شارو و فراوانبونی ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکی هەیە، تاکو شوێنی شارەکە باشتر و فراوانتر بێت باشترە بۆ زیاتر لەخۆگرتنی دانیشتوان و مەودای گەشەکردنی شارەکە، چالاکیەکان لەم جۆرە شارانەدا زیاتر و خێراتر دەبن، بۆ ئەم مەبەستە ناوچە دەشتاییەکان لەبارترن بۆ ئەم مەبەستە و بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الهيتي و حسن: 1986، 216).

13 سوبارییەکان کۆنترین گەلی ناوچەی کوردستان بون، لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە ناویان هاتوە و ڕۆڵیان هەبوە، نشتیمانیان بە (سوبارتو) ناسراوە روبەرێکی فراوانی لە خۆگرتوە لەنێوان ئیلام و ئامورو دەسەڵاتێکی سیاسی سەربەخۆیان هەبوە، دواتر لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دوەمی پێش زایین ناوچەکەیان کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئاشورییەکان و ڕۆڵی سیاسیان کۆتایی پێهاتوە (محمود: 2020، ل 18-20).

14 لولوبیەکان: ئەم گەلە لەناوچەی سلێمانی ئێستا ژیاون، لەکۆتایەکانی هەزارەی سێیەمی پێش زایین لەدەقە مێخیەکاندا ئاماژە بەناوەکەیان کراوە، لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز و سنورێکی فراوان بون، دواتر لەسەردەمی سەربەخۆبون و بەهێزبونی ئاشورییەکان بون بەبەشێك لەدەسەڵاتی ئاشوری، لەسەدەی هەشتی پێش زایین ناوچەی لولوبیەکان بە (زاموا) ناسرا (احمد: 2003، 482)؛ (ڤێلهێلم: 2009، 27).

15 گرنگی شاری بازرگانی لەوەدا دەردەکەوێت کە دەبێتە ناوەندێك بۆ بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و ساغکردنەوەی بەرهەم و خۆبەستنەوە بەناوچە بازرگانیەکانی دەوروبەر، ئەم بازرگانیە لەلایەن دانیشتوانی شارەکە یان دانیشتوانی ناوچەیەکیتر لەگەڵ ئەم شارە ئەنجام بدرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الهيتي و صالح: 1986، 201).

16 چیای حەمرین: لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلیەوە دەستپێدەکات، لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشوری ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە، لە ناوچەی (فتحة) کۆتایی پێدێت، ئەم چیایە لەناو چیاکانی کوردستاندا بە چیای نزم هەژمارکراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (غەفور: 2012، 34-35).

17 دەربارەی شوێن و ڕەگەزی سومەریەکان چەند بیروبۆچونێکی جیاواز هەیە بۆنمونە، ئەمانە لەناوچەی باکوری هیند و ئەفغانستان و بلوجستاوە لەڕێگای کەنداوی عەرەبیەوە هاتون، یان لە ناوچە بەرزەکانی مێسۆپۆتامیا بەرەو ناوچە دەشتاییەکانی باشور ڕۆشتبن، خاوەن زمان و شارستانیەتی تایبەت بەخۆیان بون، چەند بنەماڵەیەکی فەرمانڕەواییان لە خواروی مێسۆپۆتامیا دامەزراندوە، ڕۆڵی سیاسی و شارستانیان هەبوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە (علي: 1987، 63-65)؛ (قرم: 2010، 158).

18 ڕۆڵ و کاریگەری شارەکان بەپێی مێژوی شارەکە دەگۆڕێت، لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکیتر جیاوازی هەیە لەڕوی پێگە و کاریگەری، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الهيتي و حسن: 1986، 193).

19 لەسەرچاوە جیاوازەکاندا ئەم میرنشینە بەچەند شێوەیەك ناویان هاتوە بۆ نمونە ئاشورییەکان بە (خانیگلبات)، میسرییەکان بە (نهارين) و حسییەکان بە (میتانییەکان)، ئەم شانشینە خورییەکان دایانمەزراندوە پایتەختەکەی شاری (واشوکانی) بوە، پێدەچێت ئەم شارە کەوتبێتە ناوچەی خابور، لە نزیکی (1550-1265 پ.ز) ڕۆڵی کاریگەریان هەبوە لە ناوچەکەدا بەتایبەت لەماوەی سەدەی (15 و 14)ی پێش زایین خاوەن پێگەیەکی سیاسی بەهێز و سەربەخۆبون (رضا: 2009).

20 بەپێی یەکێك لەنوسراوەکانی سەرجۆنی ئەکەدی ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەند بوە، سەرچاوەی مادده سروشتیەکانی وەکو (زێڕ، زیو، مس، ڕەساس، پارچەی لازورد،...هتد) بوە، هۆکارێك بوە بۆ دەوڵەمەندبونی دەوڵەتی ئەکەدی، یەکێك لە مەبەستەکانیان لەکاتی هێرشەکانیان بردنی سامانی ناوچەکە بوە، بەناوی دەسکەوتی جەنگی زۆربەی شتەکانیان بردوە (احمد: 2002، 61).